کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-6-2007 14:35

**ئەوانەی ئەنفالیان کرد ئەمڕۆ لە کوێن؟ ... باخچە بایز**

ئەنفال ئەو کارەساتە سامناکەیە کە هەزاران کوردی بی تاونی تیا بی سەر و شوێن و زیندەبەچاڵکرا دەیان گوند و شارۆچکە تیایدا خاپورکرا بە دەستی داگیرکەر و کۆمەڵێك لە نۆکەرانی ڕژێمی بەعسی سەدام حسێن، من هیچ قسەیەکم لەسەر ئەوە نییە کە غەیرە زمان و داگیرکەری خاکەکەم دەرهەق بە ئێمە کردویەتی، چونکە ئەوان هەرگیز نکۆڵیان لەوە نەکردووە کە دوژمنی ئێمەن و دەیانویست لە ناومانبیەن و زۆریش وتراوە لەسەر ئەوان هەر نەبێت ئەوا پۆلێك لەو کەسانەی کە سەرکردایەتی شاڵاوی ئەنفالیان کرد لەم چەند ڕۆژەدا لەبەردەم دادگادا پاداشتی کارەکانیان وەرگرت، بەڵام ئەوانەی کە کورد بوون ببوونە نۆکەری ئەو دوژمنەی کە دەیویست نەتەوەکەی لەناو ببات یان بەدەستی خۆی پێشمەرگەی شەهید دەکرد بە ڕێنمایی و لە زمانی ئەوانەوە گەنجەکان دەگیران و ڕەوانەی ئەمن و دادگای شۆڕشی بەعس و بەردەم پەتی سێدارە دەکران لە ئەنفالیشدا ئەوان لە ریزی پێشەوە بوون و بەدەستی خۆیان پرچی سەدان کچی کوردیان ڕادەکێشا و پەلی منداڵیان دەگرت بۆ ناو زیلەکانی سوپای بەعس بۆ ئەوەی تەنها وەچەیەکیش نەمێنێت، هەر ئەو جاشانە بوون کاتێك لە ڕێگا بەرەو تۆپزاوا هەندێك لە قوربانیانی ئەنفال ویستیان دەربازبن لە دەست مەرگ ڕابکەن ئەوان یەك یەك گرتیاننەوە و بە قۆناغی تفەنگ خستیانەوە زیلەکانی سوپای بەعس، ئەو کچانەی نێردرانە مەلهاکانی میسر و وڵاتانی کەنداو بۆ یەکەم جار کە دەستیان بەر دەستێکی نامەحرەم کەوت ئەو کاتەبوو کە جاشەکان پاڵیان دەنان بۆ ناو زیلەکانی سوپای بەعس هەر ئەو کوردە خۆفرۆشانە بوون پێشرەوی شۆفڵ و بلدۆزەرەکانیان دەکرد تا خانووە گڵەکانی گوندەکانی کوردستان بڕوخێنن، هەر ئەوانەشبوون بە قەمسەڵەی ئەمریکی و دەمانچەی چواردە خۆرەوە بەناو کۆڵانەکانی شاردا جرت و فرتیان دەکرد دەستدرێژیان دەکردە سەر ناموسی دەیان خانەوادەی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕ، دوژمن چی پێوتن بە زیادەوە دەیانکرد، خۆفرۆشان ئەوکاتە پاداشتی خۆیان وەگرت.

دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 بەشێك لە هەرێمی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی و بەداخەوە پارتە کوردییەکان بەتایبەتی (ی. ن. ك) و (پ. د. ك) پێش زۆر شت هەستان بەدەرکردنی بڕیاری لێبوردن بۆ ئەو سەرۆك جاشانەی کە زیاتر لە ئەو شتانەی کە باسکران کردیان دوای ڕاپەڕینیش لێبوران و خرانە ناو ریزی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕەکانەوە دواتریش خرانە سەروی ئەوان، ئافەرم ئەی سەرکردایەتی کورد! بۆ خۆتان و پاداشتدانەوەی ئەنفال و کیمیاباران و گوندە ڕوخاوەکان و شەهیدەکان و.... هتد، لە ئێستادا زۆرێك لە خۆفرۆشانی ڕۆژانی ڕابردوو و بەسەر بەرزی لە پلەی بەرپرسیارێتیدان و شوێنیان و دەسەڵاتیان زۆر باشترە لە پلەو پایەی ڕۆژانی خۆفرۆشیان.

کی لە ئێمە ئێستا پلە و پایە و سەروەت و سامانی خەڵکانێك نابینین کە ڕۆژانێك بە ئاواتی تۆڵە بوین لێیان، ئەی کی لە ئێمە خانووە گڵەکانی کەس و کاری ئەنفال دەبینین، هەست بە ئازاری برینەکانی ناو دڵیان دەکەین، ئەی هەست بە چاوەڕوانی ئەوان بۆ گەڕانەوەی ئازیزەکانیان دەکەین، بێگومان ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بڵێین کە ئۆباڵی لە ئەستۆی سەرکردایەتی کوردە کە خانەوادەی ئەنفالەکان بەم کولەمەرگیە دەژین هەست نەکردن وێژدانی ئەوانیشە کە ئێستا چاو دەپۆشن لە کردەوەی پێشووی هەندێك لە خۆفرۆشان، کام سەرکردە هەیە کە ئەمڕۆ لە کۆشکەکانە بە دواین پێداویستی ژیان نەگوزەرێت، ڕۆژانێك نانەڕەق و دۆی دەستی ژنە جوتیارێکی نەخواردبێت، لە ژێر داربەڕوویەکدا پشووی نەدابێت زۆرتان ئەوانەتان کردووە، بەڵام کەمتان لە یادتان ماوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.